لەبڵاوکراوەکانی سایتی ئیمان وەن
WWW.IMAN1.COM

# بەشی زەکات (الزَّكَاة)

## زەکات لە سەر کێ پێویستە ؟

## ( عَلَى مَنْ تَجِبُ الزَّكَاة ؟ )

**زەکات دان پێویست(واجب)ە[٣٥٩]،**

---

(٣٥٩) زەکات پایەیەکی گرنگە لە پایەکانی ئیسلام ، لە بەر فەرموودەکەی (إِبْنُ عُمَر) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ١٠٠) .

وە لە قورئاندا خوای گەورە لە هەشتاو دوو(٨٢) شوێندا لە گەڵ نوێژدا پێکەوە باسی کردوون .

وە خوای گەورە لە قورئاندا وە پێغەمبەری خوایش (ﷺ) لە سوننەتدا زۆر هانی موسوڵمانان دەدەن لە سەر بە جێ هێنانی ئەم فەرزە ، خوای گەورە لە سورەتی (التوبة: ١٠٣)دا دەفەرمێ: ﴿ **خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيْهِمْ بِهَا**﴾ واتە: وە لە پارە و ماڵەکانیاندا زەکاتیان لێ وەربگرە تا بە هۆیەوە ماڵ ودەروونیان پاك بکەیتەوە .

وە هەروەها لە سوەرتی (الروم: ٣٩)دا خوای گەورە دەفەرمێ: ﴿ **وَمَاآتَيْتُمْ مِنْ رِبَاً لِيَرْبُوْا فِي أَمْوَالِ النَّاسِ فَلاَ يَرْبُوْا عِنْدَاللهِ ، وَمَا آتَيْتُمْ مِنْ زَكَاةٍ تُرِيْدُوْنَ وَجْهَ اللهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُضْعِفُوْنَ** ﴾ واتە: وە ئەوەی کە بە سوود(ربَا) دەیدەن بە خەڵکی بۆ ئەوەی پارەتان زیاد بێت ، لای خوای گەورە هیچ زیاد ناکات و بێ بەرەکەتە ، وە ئەوەی کە بە زەکات دەیدەن ، مەبەستان ڕەزامەندی خوایە ، ئا ئەوانەیە ماڵەکانیان چەند جار زیاد دەکات .

وە (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا ( ﷺ) فەرمووی: (( **مَنْ تَصَدَّقَ بِعَدْلِ تَمْرَةٍ مِنْ كَسْبٍ طَيِّبٍ – وَلاَ يَقْبَلُ اللهُ إِلاَّ الطَّيِّبَ – فَإِنَّ اللهَ يَتَقَبَّلَهَا بِيَمِيْنِهِ ثُمَّ يُرَبِّيْهَا لِصَاحِبِهَا كَمَا يُرَبِّي أَحَدُكُمْ فَلُوَّهُ ، حَتَّى تَكُوْنَ مِثْلَ الجَبَلِ** )) واتە: هەر کەسێك بە ئەندازەی خورمایەك ببەخشێت لە کاسبی پاك وحەڵاڵی ، وە خوای گەورە پاك نەبێت وەری ناگرێت ، ئەوە خوای گەورە بە ڕاستی خۆی وەری دەگرێت ، پاشان بۆ

خاوەنەکەی پەروەردە و زۆری دەکات ، هەر وەك چۆن یەکێکتان بەچکە ئەسپەکەی پەروەردە دەکات ، تا ئەوەندەی کێوێکی لێ دێت [رواه البخاری (٣/٢٧٨/١٤١٠) وهذا لفظه ومسلم (٢/٧٠٢/١٠١٤) وغیرهما].

هەروەها زۆریش موسوڵمانان ووریا دەکەنەوە لە جێ بە جێ نەهێنانی ، خوای گەورە لە سورەتی (التوبە: ٣٤-٣٥)دا دەفەرمێ: ﴿ وَالَّذِيْنَ يَكْنِزُوْنَ الذَّهَبَ وَالفِضَّةَ و لاَ يُنْفِقُوْنَهَا فِي سَبِيْلِ الله فَبَشِّرْهُمْ بعَذَاب أَلِيْم ، يَوْمَ يُحْمَى عَلَيْهَا فِى نَارِ جَهَنَّم فَتُكْوَى بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنُوْبُهُمْ وَظُهُوْرُهُمْ ، هَذَا مَا كَنَزْتُمْ لأَنْفُسِكُمْ فَذُوْقُوْا مَا كُنْتُمْ تَكْنِزُوْنَ ﴾ واتە: وە ئەوانەی کەوا ئاڵتون و زیو دەکەنە گەنجینە ولە پێناوی خوا دا لێی نابەخشن ، ئەوە مژدەیان بدەرێ بە سزایەکی بە ئازار ، لەو ڕۆژەدا کەوا لە ئاگری دۆزەخدا سوور دەکرێتەوە جا ڕوومەت وقەبرغە و پشتیانی پێ داخ دەکرێت ، وە پێیان دەڵێن: ئەمە بوو کەوا هەڵتاندەگرت ودەتانکرد بە گەنجینە بۆ خۆتان ، دەی لە سزاکەی بچێژن .

وە (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) دەفەرمێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( مَا مِنْ صَاحِبِ ذَهَبٍ وَلاَ فِضَّةٍ لاَ يُؤَدِّي مِنْهَا حَقَّهَا إِلاَّ إِذَا كَانَ يَوْمُ القِيَامَةِ ، صُفِّحَتْ لَهُ صَفَائِحُ مِنْ نَارٍ فَأُحْمِيَ عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ ، فَيُكْوَى بِهَا جَنْبُهُ وَجَبِيْنُهُ وَظَهْرُهُ ، كُلَّمَا بَرَدَتْ أُعِيْدَتْ لَهُ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِيْنَ أَلْفَ سَنَةٍ ، حَتَّى يُقْضَى بَيْنَ العِبَادِ ، فَيُرَى سَبِيْلَهُ إِمَّا إِلَى الجَنَّةِ وَإِمَّا إِلَى النَّارِ . قِيْلَ: يَا رَسُوْلَ الله فَالإِبلُ ؟ قَالَ: وَلاَ صَاحِبُ إِبِلٍ لاَ يُؤَدِّي مِنْهَا حَقَّهَا ، وَمِنْ حَقِّهَا حَلَبُهَا يَوْمَ وِرْدِهَا ، إِلاَّ إِذَا كَانَ يَوْمُ القِيَامَةِ بُطِحَ لَهَا بِقَاعٍ قَرْقَرٍ ، أَوْفَرَ مَا كَانَتْ ، لاَ يَفْقِدُ مِنْهَا فَصِيْلاً وَاحِداً ، تَطَؤُهُ بِأَخْفَافِهَا وَتَعَضُّهُ بِأَفْوَاهِهَا ، كُلَّمَا مَرَّ عَلَيْهِ أُوْلاَهَا رُدَّ عَلَيْهِ أُخْرَاهَا ، فِيْ يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِيْنَ أَلْفَ سَنَةٍ ، حَتَّى يُقْضَى بَيْنَ العِبَادِ ، فَيُرَى سَبِيْلُهُ إِمَّا إِلَى الجَنَّةِ وَإِمَّا إِلَى النَّارِ ... )) واتە: هیچ خاوەن ئاڵتونیك نییە یان هیچ خاوەن زیوێك نییە کەوا مافی نەدات (ئیللا) کاتێك ڕۆژی قیامەت دێت ، (صَفِيْحَه)ی- وەك ئاڵتون وزیوەکان — لە ئاگر بۆ دەکرێت ، جا لە ئاگری دۆزەخدا گەرم دەکرێت ، وە دەم چاو و قەبرغەی وپشتی پێ داخ دەکرێت ، هەر کاتێك سارد ببێتەوە ،

.......................................

دوو بارەی دەکەنەوە بۆی ، لە ڕۆژێکدا کە درێژێکەی پەنجا هەزار ساڵە ، تا داداگایی لە نێوان بەندەکاندا دەکرێت ، جا ڕێگاکەی پێ پیشان دەدرێت یان بەرەو بەهەشت وە یان

بـەرەو دۆزەخ . ووتـرا: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ، ئـەی ئەگـەر كەسـێك ووشـتری بێـت ؟ فەرمووی : ... [رواه مسلم (٢/٦٨٠/٩٨٧) وأبو داود (٥/٧٥/١٦٤٢)].

وه هەر كەسێك (إنْكَار)ی فەرز بوونی بكات لە ئیسلام دەردەچێت ، وه بە بێ بـاوەڕی دەكوژرێت ، بەڵام ئەگەر كەسێك نەیدات و باوەڕیشی بە فەرز بـوونی هـەبێت ، ئـەوە تـاوان بار دەبێت ، وە دەسڵاتدار دەتوانێت بە زۆر لێی بسێنێت و نیوەی ماڵەكەیشی ببـات ، لـە سزای ئەو كارەیدا ، لە بەر فەرموودەكەی (بُهْزُ بنُ حَكِيْم) لە باوكیەوە لـە باپیرەیـەوە كـەوا فەرمووی: بیستم پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **فِي كُلِّ سَائِمَةِ إِبِلٍ ، فِي أَرْبَعِيْنَ بِنْتُ لَبُوْنٍ ، لاَ يُفَرَّقُ إِبِلٌ عَنْ حِسَابِهَا ، مَنْ أَعْطَاهَا مُؤْتَجِراً بِهَا فَلَهُ أَجْرُهَا ، وَمَنْ مَنَعَهَا فَإِنَّا آخِذُوْهَا وَشَطْرِ مَالِه عَزْمَةً مِنْ عَزَمَاتِ رَبِّنَا تَبَارَكَ وَتَعَالَى ، لَيْسَ لِمُحَمَّدٍ وَلاَ لآلِ مُحَمَّدٍ مِنْهَا شَيْءٌ** )) واتە: لە هەموو ووشترێك دا كە بلەوەڕێت ، لە گشت چـل دا (إِبْنَةُ لَبُون)ێك زەكاتە، ووشتر جیا ناكرێتەوە لە بەر ژمارەكەی ، كێ بیدات و داوای پاداشـت لە خوا بكات ئـەوە ، پاداشـتی دەدرێتـەوە ، وە هـەر كەسـێكیش نەیـدات ئـەوە ئێمـە لێـی دەسێنین وە نیوەی ماڵەكەیشی دەبەین(عُزْمَة)ێك لە لایەن پەروەدگارمانەوە ، هیچی حـەڵاڵ نییە بۆ كەس و كاری موحەممـەد [رواه ابـوداود (٤/٤٥٢/١٥٦٠) وأحمـد (٨/٢١٧/٢٨) وهـو حـديث حسـن ، بروانه الإرواء(٧٩١) وصحيح الجامع(٤٢٦٥)].

وه ئەگـەر كۆمـەڵێك زەكاتیـان نـەدا و باوەڕیـشان بـەوە بـوو كـە فـەرزە ، وە هێـزو بەرگریشیان هەبوو ، ئەوە پێویستە جـەنگیان لـە گەڵدا بكرێـت تـا دەیـدەن ، لـە بـەر ئـەو فەرموودەیـەی كـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەفـەرمێ: (( **أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَأَنَّ مُحَمَّداً رَسُوْلُ الله ، وَيُقِيْمُوْا الصَّلاَةَ وَيُؤْتُوْا الزَّكَاةَ ، فَإِذَا فَعَلُوْا ذَلِكَ فَقَدْ عَصَمُوْا مِنِّي دِمَائَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ إِلاَّ بِحَقِّ الإِسْلاَمِ ، وَحِسَابُهُمْ عَلَى الله** )) واتە: من فەرمانم پێ كراوە كەوا بجـەنگم لـە گـەڵ خەڵكیـدا تـا شـایەتی دەدەن كـەوا هـیچ پەرستراوێك نییە شایانی پەرستن بێت جگە لە(الله) ، وە (مُحَمَّد)یـش نێـرراوی (الله)یـە ، وە نوێژ بكەن ، وە زەكات بدەن ، جا ئەگەر ئەوەیان كرد ئەوە خوێن و ماڵیان لە من پارێزراوە مەگەر بە مافی ئیسلام ، وە لێپرسینەوەیشیان لە لای خوای گەورەیە [رواه البخاري (١/٧٥/٢٥) وهذا لفظه ومسلم (١/٥٣/٢٢).].

وه (أَبُو هُرَيْـرَة) (خـوای لێ ڕازی بێـت) فـەرمووی: كاتێـك كـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) وەفاتی كرد و (أَبُوبَكْر) بوو بە جێ نشینی ، جا ئـەوەی بـێ بـاوەڕ بویـەوە لـە عـەرەب بـێ

باوەڕ بوویەوە ، (أَبُوبَكْر)یش بڕیاری دا لە گەڵیاندا بجەنگێت ، جا (عُمَر) فەرمووی: چۆن لە گەڵ خەڵکیدا دەجەنگیت ؟ وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو: (( **أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ ، فَمَنْ قَالَهَا فَقَدْ عَصَمَ مِنِّي مَالَهُ وَنَفْسَهُ إِلاَّ بِحَقِّهِ وَحِسَابُهُ عَلَى اللهِ** )) واتە: من فەرمانم پێ کراوە لە گەڵ خەڵکیدا بجەنگم تا دەڵێن: (لَاإِلَهَ إِلاَّ الله) ، جا هەر کەسێك بیڵێت ئەوە ماڵو نەفسی لە من پارێزراوە ، مەگەر بە حەققی ئەوە ، وە لێپرسینەوەیشیان لە لای خوای گەورەیە .

جا (أَبُوبَكْر) فەرمووی: سوێند بێت بە خوای گەورە دەجەنگم لە گەڵ کەسێکدا جیاوازی بخاتە نێوان نوێژو زەکاتەوە ، لە ڕاستیدا زەکات حەققی ماڵە ، سوێند بێت بە خوا ئەگەر بەچکە بزنێکم پێ نەدەن کەوا دەیاندا بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ، ئەوە دەجەنگم لە گەڵیاندا لە سەر نەدانی ، جا (عُمَر) فەرمووی : سوێند بێت بە خوا هیچ نییە(ئیللا) خوای گەورە دڵی (أَبُوبَكْر)ی هیدایەت داوە بۆ جەنگ کردن ، جا بۆم دەرکەوت کەوا ئەو لە سەر حەقە [رواه البخاري (٣/٦٢٦/١٤٠٠) ومسلم (١/٥١/٢٠) وغيرهما].

**لە سەر هەموو موسوڵمانێك(٣٦٠) ، کەوا خاوەنی پارە و ماڵێکی وا بێت گەیشتبێتە ڕادە(نِصَاب)ی زەکات لە شەرعدا(٣٦١) ، وە ئەگەر ماڵەکەی پارە وئاژەڵ بێت ئەوە دەبێت ساڵیشی بە سەردا تێپەڕ بوبێت(٣٦٢) ، بەڵام بەروبووم ودانەوێڵە لە کاتێ پێ گەیشتن ودرەو کردنیدا زەکاتی دەکەوێتە سەر(٣٦٣) .**

## ئەو پارە و سامانانەی کە زەکاتی تێدا پێویست دەبێ
## ( الأَمْوَالُ الَّتِى تَجِبُ فِيْهَا الزَّكَاة )

**زەکات پێویست دەبێت لە پارەوپووڵو بەربوومو دانەوێڵەو ئاژەڵدا(٣٦٤) .**

(٣٦٠) چونکە زەکات پەرستن(عِبَادَة)ە وپەرستنیش تەنها لە موسوڵمانان وەردەگیرێت .

(٣٦١) لە بەر ئەو هەموو فەرموودانەی کە لە بارەی زەکاتەوە هاتوون کە هەموویان ڕادە(نِصَاب)ی بۆ دیاری دەکەن ، لەوانە فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْد الخُدْرِي) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **لَيْسَ فِيْمَا دُوْنَ خَمْسِ ذَوْدٍ صَدَقَة مِنَ**

**الإِبِلِ ، وَلَيْسَ فِيْمَا دُوْنَ خَمْسِ أَوَاقٍ صَدَقَة ، وَلَيْسَ فِيْمَا دَوْنَ خَمْسَةِ أَوْسُقٍ صَدَقَة** )) واتە: لە پێنج ووشتر كەمتردا زەكات نییە ، وە لە پێنج وەقە — (٢٠٠) درهەمی زیو — كەمتر زەكاتی تێدا نییە ، وە لە پێنج ویسق — (٦٥٣) كیلو — كەمتر زەكاتی تێدا نییە [رواه البخاری (٣/٣١٠/١٤٤٧) وهذا لفظه ومسلم (٢/٦٧٣/٩٧٩) وغيرهما].

***تێبینی:***

ویسقێك شەست(٦٠) (صَاع)ە ، وە (صَاع)ێكیش چوار گوێل(مُدّ)ە ، وە هەر گوێلێكیش (٥٤٤)غرامە ، كەوا بوو هەر(صَاع)ێك = ٤×٥٤٤=٢١٧٦ غرام دەكات ، وە هەر ویسقێكیش = ٦٠× ٢١٧٦=١٣٠،٥٦ كغم دەكات ، كەوا بوو (٥) ویسقەكە= ٥× ١٣٠،٥٦= ٨،٦٥٢ كغم دەكات [بڕوانە الفقه الإسلامي وأدلته / وهبة الزحيلي (جدول المقاييس)].

(٣٦٢) لە بەر فەرموودەكەی (عَلي) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەی: (( **لاَ زَكَاةَ فِي مَالٍ حَتَّى يَحُوْلَ عَلَيْهِ الحَوْلُ** )) واتە: ماڵ زەكاتی تێدا نییە تا وەكو ساڵی بە سەردا تێپەڕ دەبێت [رواه إبن ماجة (١/٥٧١/١٧٩٢) والدراقطني (٢/٩٠/٣) وغيرهما وهو حديث صحيح بڕوانە الإرواء(٧٨٧) وصحيح أبي داود(١٤٠٣) وصحيح الجامع (٧٤٩٧)].

(٣٦٣) لە بەر فەرموودەی خوای گەورە لە سورەتی (الأنعام: ١٤١)دا كە دەفەرمێ: ﴿ وَءَاتُوا حَقَّهُ يَوْمَ حَصَادِه .. ﴾ واتە: وە لە ڕۆژی درەو كردنیدا ماف(زەكات)ەكەی بدەن .

(٣٦٤) لە بەر ئەو بەڵگانەی كە لە شوێنی خۆیدا بە درێژی باسی دەكەین ، ( إِنْ شَاءَ الله).

# زەكاتی پارە و پووڵ
# ( زَكَاةُ الأَمْوَالِ وَالنُّقُوْد )

**ڕادە(نِصَاب)ی زەكاتی پارە بە ئاڵتون بیست(٢٠)دینارە[٣٦٥] ، وە بە زیویش دوو سەد(٢٠٠) درهەمە[٣٦٦] ، وە ئەندازە(مِقْدَار)ەی زەكاتیشی لە چل(٤٠)دا یەكە[٣٦٧] ،**

(٣٦٥) واتە: (٢٠) مسقاڵە ، چونكە هەر دینارێكی ئەو كاتە یەك مسقاڵ ئاڵتونی پاك(خَالِص) بووە ، كە (٢٥،٤) غرامی ئێستا دەكات .

(٣٦٦) واتە: (١٤٠) مسقاڵە ، چونكە هەر درهەمێكی ئەو كاتە (٩٧٥،٢) غرامی ئێستا دەكات ، وە لەو كاتەدا یەك دینار دە(١٠) درهەم بووە ، واتە: (٢٠) دینارە ئاڵتونێكە (٢٠٠) درهەمی كردوە ، كەوا بوو (٢٠) مسقال ئاڵتون لەو كاتەدا (١٤٠) مسقاڵ زیوی كردوە ، وە گشت مسقاڵێك ئاڵتون (٧) مسقاڵ زیووی كردووە ، بەڵام ئێستا وانییە ، چونكە نرخی زیو زۆر دابەزیوە ، بەڵام نرخی ئاڵتون هەر وەكو خۆی ماوە ، بە بەڵگەی فەرموودەكەی (عُـرْوَةُ البَـارِقِي) (خـوای لێ رازی بێـت) (( **أَنَّ النَّبِـيَّ(ﷺ) أَعْطَاهُ دِيْنَـاراً يَـشْتَرِي لَـهُ بِـهِ شَـاةً ، فَاشْتَرَى لَهُ بِهِ شَاتَيْنِ ، فَبَاعَ إِحْدَاهُمَا بِدِيْنَارٍ ، فَجَاءَ بِدِيْنَارٍ وَشَاةٍ ، فَدَعَا لَـهُ بِالبَرَكَةِ فِـيْ بَيْعِـهِ ، وَكَـانَ لَـوِ إِشْتَرَى الـتُّرَابَ لَـرَبِحَ فِيْـهِ** )) واتـە: كـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دینارێكی پێدا بۆ ئەوەی شەكێكی بۆ بكڕێت ، جا ئەو دوو شەكی بەو یەك دینارە كڕی ، جا یەكێكی فرۆشت بە دینارێك ، وە دینارێك و شـەكەكەی تریـشی هێنایـەوە ، جـا پێغەمبـەری خوا (ﷺ) دوعای بۆ كرد كەوا دەستی بە بەرەكەت بێ لە كڕین و فرۆشـتندا ، بۆیـە ئەگـەر خۆڵی بكڕیایە قازانجی لێ دەكرد [رواه البخاري (٦٣٢/٦/٣٦٤٢) وغيره].

كەوا بوو دینارێكی ئاڵتون لەو كاتەدا شەكێك تا دوو شەكی كردوە ، وە ئیستایش یەك مسقاڵ ئاڵتونی پاك ، هەر ئەوە دەكات ، كەوا بوو نرخی هەر وەكو خۆی مـاوە ، وە دە(١٠) درهەمی ئەو كاتە (یان حەوت(٧) مسقاڵ زیو) كە نرخی دینارێـك بـووە هـەر ئـەوەی دەكـرد لەو كاتەدا كە یەك مـسقاڵە ئاڵتونەكـە كردویـەتی ، بـەڵام حـەوت(٧)مـسقاڵی زیـوی ئێـستا هەرگیز ئەوە ناكات ، بەڵكو زۆریش نرخـی دابـەزیوە ، كـەوا بـوو بـۆ زاینـی ڕادە(نـِصَاب)ی زەكاتی پارەو پوولی ئێستا پێویستە بەرانبەر بە ڕادەی زەكاتی ئاڵتون (قِیَاس) بكرێـت نـەك بەرانبەر بە زیو ، چونكە وەك باسمـان كـرد نرخـی زیـو زۆر دابـەزیوە ، وە هـەرگیز خـاوەن (١٤٠) مـسقاڵ زیـوی ئێـستا بـە دەوڵەمەنـد ناژمێررێـت تـا زەكـاتی لـە سـەر بێـت ، بـەڵكو دەتوانیت بڵێی كەم دەست(مِسْكِيْن)یشە وپێویستە زەكاتی پێبدرێت (وَاللّهُ أَعْلَم).

(٣٦٧) واتە: لە بیست(٢٠) مسقاڵە ئاڵتونەكـەدا نیـو(---) مـسقاڵ زەكـاتی دەكەوێتـە سەر ، وە لە(١٤٠) مسقاڵە زیوەكەدا سێ مسقاڵو نیو(----- ٣) زەكاتی دەكەوێتە سـەر ، وە هەرچەندە زیادی كـرد ئـەوە هـەر بـەو شـێوە ژمـارە دەكرێـت ، هـەروەها بـۆ هـەموو پـارە وپولێكی تریش پاش گەیشتنی بە ڕادەی زەكات ، لە چلدا یەكی بە زەكات دەردەكرێت .

**وە هەروەها خشڵی ئافرەت(ملوانكەو بازنەو ..ی ئاڵتون وزیوو) ئەگەر گەیشتە ڕادە(نِصَاب)ی زەكات وساڵی بە سەردا تێ پەڕی دەبێ زەكاتی لێ بدرێت**(٣٦٨).

(٣٦٨) خشڵی ئافرەت زیو بێت یان ئاڵتون زەكاتی تێدایە ، لە بەر واتای گشتی(عُمُوم)ی ئایەتەكە ، وە لە بەر ئەو فەرموودانەیش كە باسی زەكاتی ئاڵتونو زیو دەكەن ، وە هیچ بەڵگەیەكیش نییە لەو (عُمُوم)ە دەری بكا ، ئەمە جگە لەو بەڵگە تایبەتیانەیش كە لەو بارەیەوە هاتوون ، وەك فەرموودەكەی (أُمِّ سَلَمَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی: من ملوانكەیەكی ئاڵتونم لە مل دەكرد ، جا ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا ئایە ئەمە گەنجینەی(كَنْز)ە ؟ ئەویش فەرمووی: (( **مَا بَلَغَ أَنْ تُؤَدَّي زَكَاتَهُ فَزُكِّيَ فَلَيْسَ بِكَنْزٍ** )) واتە: ئەگەر گەیشتە ڕادەی زەكات و زەكاتەكەی دەركرا ، ئەوە گەنجینە نییە [رواه ابوداود (١٥٤٩/٤٢٦/٤) والدارقطني (١٠٥/٢) وهو حديث حسن بڕوانە صحيح الجامع (٥٥٨٢) والسلسلة الصحيحة (٥٥٩)].

وە فەرموودەكەی (عَمْرُو بنُ شُعَيْب)یش لە باوكیەوە لە باپیرەیەوە(خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی: دوو ئافرەت هاتن بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بازنەی ئاڵتون لە دەستیاندا بوو ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموون: (( **أَتُؤَدِّيَانِ زَكَاتَهُ ؟** )) واتە: ئایە زەكاتی ئەوە دەدەن ؟ ووتیان: نەء ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموون: ((**أَتُحِبَّانِ انْ يُسَوِّرَكُمَا اللهُ بِسِوَارَيْنِ مِنْ نَارٍ** ! )) واتە: ئایا پێتان خۆشە لە ڕۆژی دوایدا خوای گەورە بازنەی ئاگرین بكاتە دەستتان ! ، ووتیان: نەء ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **فَأَدِّيَا زَكَاتَهُ** )) واتە: دە زەكاتی ئەوە بدەن كە لە دەستتان دایە [رواه الترمذي وأبوداود بغير هذا لفظ وهو حديث حسن بڕوانە صحيح ابی داود رقم (١٣٩٦) وصحيح الترمذي (٥١٨) والمشكاة (١٨٠٩) والإرواء (٢٩٦/٣)].

وە فەرموودەكەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژێك هاتە ژوورەوە بۆ لام چەن كلكەوانە(موستیلە)یەكی زیوی لە دەستمدا بینی فەرمووی: (( **مَا هَذَا يَا عَائِشَة ؟** )) واتە: ئەمە چیە ئەی (عَائِشَة) ؟ منیش ووتم: دروستم كردوە ، بۆ تۆ خۆمی پێ جوان بكەمەوە ئەی پێغەمبەری خوا ، فەرمووی: ((

أَتُؤَدِّيْنَ زَكَاتَهُ ؟ )) واتە: ئەی زەكاتەكەی دەدەیت ؟ ووتم: نەء ، یان ئەگەر خوا ویستی لە سەر بێت . فەرمووی: (( هُوَ حَسْبُكِ مِنَ النَّارِ )) واتە: ئەوەت بەسە لە ئـاگری دۆزخـدا [ رواه أبوداود (٤/٤٢٧/١٥٥٠) والدارقطني (٢/١٠٥) وهو حديث صحيح بڕوانە صحيح أبي داود (١٣٨٤) ].

## زەكاتی دانەوێڵە و بەروبوم
## ( زَكَاةُ الحُبُوبِ وَالثِّمَار )

**لە دانەوێڵە وبەروبومدا زەكات تەنها لە گەنم و جۆ و خورما و مێوژ دا هەیە[٣٦٩] ، ڕادە(نِصَاب)ی زەكاتیشی تێدا پێنج ویسقە ، ئەگەر لەوە كەمتر بێت ئەوە زەكاتی تێدا نییە[٣٧٠] ، جا ئەگەر بە ئاوی ڕوبار وباران ئاو درا ئەوە دە یەكی(----) تێدایە ، بەڵام ئەگەر بە ئامێرێك ئاو بدرێت و(تَكْلِيْف)ی تێدا بكات ئەوە بیست یەكی(----) تێدایە[٣٧١] ،**

(٣٦٩) (أَبُو بُرْدَة) لە(أَبُو مُوْسَى وَمُعَاذ)ەوە دەگێڕێتـەوە( خوایان لێ ڕازی بێت) : (( أَنَّ رَسُوْلَ الله ( ﷺ) بَعَثَهُمَا إِلَى اليَمَنِ يُعَلِّمَانِ النَّاسَ أَمْرَ دِيْنِهِمْ ، فَأَمَرَهُمْ أَنْ لاَ يَأْخُذُوا الصَّدَقَةَ إِلاَّ مِنْ هَذِهِ الأَرْبَعَة: الحُنْطَةُ وَالشَّعِيْرُ وَالتَّمْرُ وَالزَّبِيْبُ )) واتـە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) ڕەوانەی كردن بۆ وڵاتی یەمەن خەڵكی فێری ئـایین بكـەن ، جا فەرمانی پێ كردن كەوا زەكات وەرنەگرن تەنها لەم چوارەدا نەبێت ، گەنم و جۆ و خورما و مێوژ [رواه الحاكم (٤/٤٢٧/١٥٥٠) والدارقطني (٢/١٠٥) والبيهقي في السنن الكبرى (٤/١٢٨) وسكت عنه الحاكم وصححه الذهبي وقال البيهقي: رواته ثقات وهو متصل نقله إبن حجر في تخليص الحبير (٢/١٦٦) وهو حديث صحيح ، بڕوانەالإرواء(٨٠١) والسلسلة الصحيحة (٨٧٩)].

(٣٧٠) لە بەر فەموودەكەی (أَبُو سَعِيْد) (خوای لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ٣٦١).

(٣٧١) لەبەر فەرموودەكەی (جَابِر) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خـوا ( ﷺ) فەرمووی: (( فِيْمَا سَقَتِ الأَنْهَارُ وَالغَيْمُ العُشُوْر ، وَفِيْمَا سُقِيَ بِالسَّانِيَةِ نِصْفُ العُشُوْر )) واتە: ئەوەی بە ڕوبار و باران ئاو درا دە یەكی(------) تێدایە ، وە ئەویشی بـە (السَّانِيَة) ئاو درا بیست یەكی(----) تێدایە [رواه مسلم (٢/٦٧٥/٩٨١)و الترمذي (٢/٦٩/٦٢٢) وغيرهما].

(السَّانِيَة): ئەو ووشترەیە كـە ئـاوی پـێ دەردەكرێت لـە بـیر ، وە پێیـشی دەووترێت (النَّاضِح) .

وە هەروەها لە بەر فەرموودەكەی (إبْنُ عُمَر) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( **فِيْمَا سَقَتِ السَّمَاءُ وَالعُيُوْنُ أَوْ كَانَ عَثَرِيّاً العُشْرُ ، وَفِيْمَا سُقِيَ بِالنَّضْحِ نِصْفُ العُشْرِ** )) واتە: ئەوەی ئاسمان و كانی ئاوی بدات یان (عثَري) بێت دە یەكی(---) تێدایە ، وە ئەویشی بە (نَضْح) ئاو بدرێت بیست یەكی (----) تێدایە [رواه البخاري (١٤٨٣/٣٤٧/٣) وهذا لفظه ، وابوداود (١٥٨١/٤٨٥/٤) وغيرهما]. (عَثَري): گۆماوی بارنە .

**وە ڕادە(نِصَاب)ی خورماو ترێ هەر بە دارەكەوە(تَخْمِيْن) دەكرێت ، پاش پێ گەیشتن ، پێش ئەوەی لە دارەكە بكرێتەوە**(٣٧٢)،

---

(٣٧٢) لە بەر فەرموودەكەی (أَبُو حُمَيْد السَّاعدي) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی: (( **غَزَوْنَا مَعَ النَّبِيِّ(ﷺ) غَزْوَةَ تَبُوْكَ ، فَلَمَّا جَاءَ وَادِي القُرَى إِذَا إِمْرَأَةٌ فِي حَدِيْقَةٍ لَهَا ، فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ) لأَصْحَابِه: اخْرِصُوا . وَخَرَصَ رَسُوْلُ الله (ﷺ) عَشْرَةَ أَوْسُقٍ ، فَقَالَ لَهَا: احْصِي مَا يَخْرُجُ مِنْهَا ...** )) واتە: لە گەڵ پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) دەرچووین بۆ غەزای (تَبُوك) ، جا كە گەیشتە(وَادي القُرَى) ئافرەتێكی بینی لە باخێكی خۆیدا بوو ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە هاوەڵەكانی فەرموو: (خَرْص)ی بكەن ، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی (خَرْص) دە(١٠) ویسقی كرد ، جا پێی فەرموو: خۆت بیژمێرە چەندی لێ دەردەچێت ... [رواه البخاري (١٤٨١/٣٤٣/٣) وابوداود صحيح ابی داود (٢٦٤٤)].

وە لە بەر فەرموودەكەی (عَائِشَة) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی: (( **كَانَ رَسُوْلُ الله(ﷺ) يَبْعَثُ عَبْدَالله بنَ رَوَاحَةَ فَيَخْرُصُ النَّخْلَ حِيْنَ يَطِيبُ قَبْلَ أَنْ يُؤْكَلَ مِنْهُ ، ثُمَّ يُخَيِّرُ يَهُودَ يَأْخُذُوْنَهُ بِذَلِكَ الخرصِ أَوْ يَدْفَعُوْنَهُ إِلَيْهِمْ بِذَلِكَ الخرصِ ، لِكَيْ تُحْصَي الزَّكَاةُ قَبْلَ أَنْ تُؤْكَلَ الثِّمَارُ وَتُفَرَّقَ** )) واتە: كەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) (عَبْدُالله بن رَوَاحَة)ی دەنارد (خَرْص)ی دار خورماكانی دەكرد كاتێك كە پێ دەگەیشت ، پێش ئەوەی لێی بخورێت ، پاشان هەڵبژاردنی دەدایە دەست جوولەكە یان بەو (خَرْص)ە بیبەن یان بیدەن بە موسوڵمانان بەو (خَرْص)ە ، بۆ ئەوەی زەكات ژمێری كەن پێش ئەوە بەرەكەی بخورێت و بڵاو بكرێتەوە [رواه أبو داود (٣٣٩٦/٢٧٦/٩) مع العون وهو حديث حسن لغيره بروانه الأرواء (٨٠٥)].

(خَرْص): ئەوەیە بە عەقڵ تەخمینی بەری دارەكان بكرێت لە لایەن كەسێكی شارەزاوە . ئیمامی(ترْمِذِي) لە هەندێك زاناوە تەفسیرەكەی دەگێڕێتەوە كەوا : بەروبووم

ئەگەر پێ گەیشت ، دەسلات دار کەسێکی شارەزا دەنێرێت تەماشای دەکا و دەڵێ: لەم باغە ئەوەندە بەری خورمای لێ دەردەچێت ، پاشان دە یەك(----)ەکە دیاری دەکا ، وە لە سەریان دەینوسێت و وازیان لێ دەهێنێت تا کاتی بەرکردنەوە ، لەو کاتەدا دە یەکەکەیان لێ دەسێنێت [بڕوانە فتح الباری (ب٣/ل ٤٠٣) طبعة دار الريان].

**وە لە هەنگوێندا زەکات نییە** (٣٧٣).

(٣٧٣) ئەو فەرموودانەی کە لە بارەی هەنگوێنەوە هاتوون تێیدایە (مُطْلَق)ە و (ضَعيْفَه) ، وە تێشیدایە (مُقَيَّد)ە بە پاراستنەوە ، وەك فەرموودەکەی (عَمْرُو بنُ شُعَيْب عَنْ أبِيْه عَنْ جَدِّه) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **جَاءَ هِلَالُ أَحَدُ بَنِي مَتْعَان إِلَى رَسُوْلِ الله** (ﷺ) **بِعُشُوْرِ نَحْلٍ لَهُ ، وَكَانَ سَأَلَهُ أَنْ يَحْمِي لَهُ وَادِياً يُقَالُ لَهُ (سَلَبَة) ، فَحَمَى لَهُ رَسُوْلُ الله** (ﷺ) **ذَلكَ الوَادي ، فَلَمَّا وَلِيَ عُمَرُ بْنُ الخَطَّاب ، كَتَبَ سُفْيَانُ بْنُ وَهَب إِلَى عُمَر يَسْأَلُهُ عَنْ ذَلكَ ، فَكَتَبَ عُمَر : إِنْ أَدَّى إِلَيْكَ مَا كَانَ يُؤَدِّي إِلَى رَسُوْلِ الله** (ﷺ) **مِنْ عُشُوْرِ نَحْلِه ، فَاحْمِ لَهُ (سَلَبَتُهُ) ، وَإِلاَّ فَإِنَّمَا هُوَ ذُبَابُ غَيْثٍ يَأْكُلُهُ مَنْ يَشَاء** )) واتە: (هلاَل) کە یەکێك بوو لە (بَني مَتْعَان) دەیەکی(----) هەنگوێنەکەی هێنا بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، کە داوای لێ کردبوو دۆڵێکی بۆ بپارێزێت کە پێی دەوترا (سَلَبَة) ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو دۆڵەی بۆ پاراست ، جا کە (عُمَرُ بنُ خَطَّاب) بوو بە(خَلَيْفَة) ، (سُفْيَانُ بنُ وَهَب) بۆ (عُمَر)ی نووسی پرسیاری لە بارەی ئەوەوە لێ کرد ، ئەویش فەرمووی: ئەگەر ئەوەی پێ دای کە بە پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەدا لە دەیەکی(----) هەنگوێنەکەی ئەوە (سَلَبَه)کەی بۆ بپارێزە ، ... [حسن إسناده الألباني في تمام المنة (ل٣٧٤) وە فەرمووی: وهذا إسناد جيد ، وهو مخرج في الإرواء(٨١٠) وقواه الحافظ في الفتح (٣٤٨/٣) فإنه قال عقبه: إسْنَادهُ صَحيح إلى عَمْرو وتَرْجُمَةُ عَمْرو قَوِيَّة عَلَى المُخْتَار ، لَكِن حَيْث لا تَعَارُض إلاَّ أنَّه مَحْمُول على أنَّهُ في مُقَابلة الحِمَى كَمَا يَدُلُّ عَلَيْه كِتَابُ عُمَرُ ابْنُ الخطاب ].

وە (إِبْنُ زَنْجَوَيْه) لە(الأمْوَال)دا (ل: ١٠٩٥) ، پاشان (الخَطَابِي)یش لە (مَعَالِمُ السُّنَن)دا (٢٠٨/١) هەر وەرگرتنی ئەو دە یەکەیان بە مەرجی پاراستن(حِمَى)ەوە بەستوە . واتە: ئەگەر پاراستن نەبێت هیچی لە سەر نییە ، مەگەر بەخشینی (مُطْلَق) بەوەی خۆی چەندێك لە دەستی دەردەچێت بیدات ، وەکو ماڵی بازرگانی(عُرُوْض التِّجَارَة) کە لەمەو پاش باسی دەکەین (إنشاء الله) .

# زەكـاتـی ئـاژەڵ

# ( زَكَــاةُ الـحَـيْـوَان )

**لە سێ جۆر ئاژەڵ دا زەكات پێویست دەبێت: ووشتر و ڕەشەووڵاخ (مانگا وگامێش) ومەڕ و بزن[٣٧٤]، یەكەم ڕادەی(نِصَاب) زەكاتی ووشتر پێنجە – ئەگەر لە پێنج ووشتر كەمتر بوو ئەوە زەكاتی تێدا نییە [٣٧٥] – وە ئەندازەی زەكات تێیدا شەكێكە ئیتر هەر لە پێنج ووشتردا شەكێك زیاد دەكات ، تا دەگاتە بیست وپێنج(٢٥) ووشتر ، لەوكاتەدا بەچكە ووشترێكی مێینەی یەك ساڵی دەدرێتە زەكات تا سی وشەش(٣٦) ووشتر كە بەچكە ووشترێكی دوو ساڵە دەدرێت ، تا چل وشەش(٤٦) ووشتر كە بەچكە ووشترێكی سێ ساڵی دەدرێت ، تا شەست ویەك(٦١) ووشتر كە بەچكە ووشترێكی چوار ساڵی دەدرێت ، تا حەفتاوشەش(٧٦) ووشتر كە دوو بەچكە ووشتری مێینەی دوو ساڵە دەدرێت تا نەوەت ویەك(٩١) دوو بەچكەی سێ ساڵە دەردێت ، تا سەدو بیست ویەك(١٢١) كە سێ بەچكەی دوو ساڵە دەدرێت ، پاشان لە هەموو چل(٤٠) ووشتردا بەچكەیەكی مێینەی دووساڵە زیاد دەكرێت وە لە هەموو پەنجا(٥٠)ووشتریش دا بەچكەیەكی سێ ساڵی زیاد دەكرێت[٣٧٦] .**

(٣٧٤) چونكە لە فەرموودەكاندا هەر لەم سێ جۆرەدا وەرگیراوە ، وەك لە نووسراوەكەی (أَبُوبَكْر)دا هاتووە ، كە باسی دەكەین ، وە (إِبْنُ المُنْذِر)یش یەكرایی(إِجْمَاع) زانایانی لە سەر دەهێنێتەوە [بڕوانە الأجماع (٨٥) لأبن المنذر].

(٣٧٥) لە بەر فەرموودەكەی (أَبُو سَعِيْد) (خوای لێ ڕازی بێت) ، بڕوانە (پ ٣٦١) .

(٣٧٦) لە بەر فەرموودەكەی (أَنَس) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا (أَبُوبَكْر) (خوای لێ ڕازی بێت) ئەم نووسراوەی بۆ نووسی كاتێك ڕەوانەی كرد بۆ (بَحْرَيْن): (( **بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيْمِ ، هَذِهِ فَرِيْضَةُ الصَّدَقَةِ الَّتِي فَرَضَ رَسُوْلُ اللهِ (ﷺ) عَلَى المُسْلِمِيْنَ ، وَالَّتِي أَمَرَ اللهُ بِهَا رَسُوْلَهُ ، فَمَنْ سُئِلَهَا مِنَ المُسْلِمِيْنَ عَلَى وَجْهِهَا فَلْيُعْطِهَا ، وَمَنْ سُئِلَ**

فَوْقَهَا فَلاَ يُعْط : فِي أَرْبَعٍ وَعِشْرِيْنَ مِنَ الإِبِلِ فَمَا دُوْنَهَا مِنَ الغَنَمِ مِنْ كُلِّ خَمْسٍ شَاةٌ ، إِذَا بَلَغَتْ خَمْسَاً وَعِشْرِيْنَ إِلَى خَمْسٍ وَثَلاَثِيْنَ فَفِيْهَا بِنْتُ مَخَاضٍ أُنْثَى ، فَإِذَا بَلَغَتْ سِتَّاً وَثَلاَثِيْنَ إِلَى خَمْسٍ وَأَرْبَعِيْنَ فَفِيْهَا بِنْتُ لَبُوْنٍ أُنْثَى ، فَإِذَا بَلَغَتْ سِتَّاً وَأَرْبَعِيْنَ إِلَى سِتِّيْنَ فَفِيْهَا حِقَّةٌ طَرُوْقَةُ الجَمَلِ ، فَإِذَا بَلَغَتْ وَاحِدَةً وَسِتِّيْنَ إِلَى خَمْسٍ وَسَبْعِيْنَ فَفِيْهَا جَذَعَةٌ ، فَإِذَا بَلَغَتْ – يَعْنِي سِتَّاً وَسَبْعِيْنَ – إِلَى تِسْعِيْنَ فَفِيْهَا بِنْتَا لَبُوْنٍ فَإِذَا بَلَغَتْ إِحْدَى وَتِسْعِيْنَ إِلَى عِشْرِيْنَ وَمِائَةٍ فَفِيْهَا حِقَّتَانِ طَرُوْقَتَا الجَمَلِ ، فَإِذَا زَادَتْ عَلَى عِشْرِيْنَ وَمِائَةٍ فَفِي كُلِّ أَرْبَعِيْنَ بِنْتُ لَبُوْنٍ وَفِي كُلِّ خَمْسِيْنَ حِقَّةٌ ، وَمَنْ لَمْ يَكُنْ مَعَهُ إِلاَّ أَرْبَعٌ مِنَ الإِبِلِ فَلَيْسَ فِيْهَا صَدَقَةٌ إِلاَّ أَنْ يَشَاءَ رَبُّهَا ، فَإِذَا بَلَغَتْ خَمْسَاً مِنَ الإِبِلِ فَفِيْهَا شَاةٌ ، وَفِي صَدَقَةِ الغَنَمِ فِي سَائِمَتِهَا إِذَا كَانَتْ أَرْبَعِيْنَ إِلَى عِشْرِيْنَ وَمِائَةٍ شَاةٌ ، فَإِذَا زَادَتْ عَلَى عِشْرِيْنَ وَمِائَةٍ إِلَى مِائَتَيْنِ شَاتَانِ ، فَإِذَا زَادَتْ عَلَى مِائَتَيْنِ إِلَى ثَلاَثِمَائَةٍ فَفِيْهَا ثَلاَثٌ ، فَإِذَا زَادَتْ عَلَى ثَلاَثِمَائَةٍ فَفِي كُلِّ مِائَةٍ شَاةٌ ، فَإِذَا كَانَتْ سَائِمَةُ الرَّجُلِ نَاقِصَةً مِنْ أَرْبَعِيْنَ شَاةً وَاحِدَةً فَلَيْسَ فِيْهَا صَدَقَةٌ إِلاَّ أَنْ يَشَاءَ رَبُّهَا . وَفِي الرِّقَّةِ رُبْعُ العُشْرِ ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ إِلاَّ تِسْعِيْنَ وَمِائَةً فَلَيْسَ فِيْهَا شَيْءٌ إِلاَّ أَنْ يَشَاءَ رَبُّهَا .. )) واتە: بە ناوی خوای بەخشیندەی میهرەبان ، ئەمە ئەو فەرزی زەکاتەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرزی کردوە لە سەر موسوڵمانان ، وە خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی کردوە ، جا هەر کەسێك لە موسوڵمانان داوای لێ کرا بەو شێوەیە ، با بیدات ، وە هەر کەسێکیش داوای لەوە زیاتری لێ کرا ، ئەوە با نەیدات ، لە بیستوچوار(٢٤) ووشتردا لەوە کەمتر لە مەڕ دەدرێت لە گشت پێنچ ووشتر شەکێك ، جا ئەگەر گەیشت بە بیست وپێنچ(٢٥) تا سی وپێنچ(٣٥) سەر ئەوە (بِنْتُ مَخَاض)ێکی تێدایە ، جا ئەگەر گەیشتە سیوشەش(٣٦) تا چلو پێنچ(٤٥) سەر ، ئەوە (بِنْتُ لَبُوْن)ێکی مێینەی تێدایە ، جا ئەگەر گەیشتە چلوشەش(٤٦) تا شەست(٦٠) سەر ، ئەوە (حِقَّە)یەکی کەڵ گرتووی تێدایە ، جا ئەگەر گەیشتە شەست و یەك(٦١) تا حەفتا وپێنچ(٧٥) سەر ئەوە (جَذَعَە)یەکی تێدایە ، جا ئەگەر گەیشت – واتە بە حەفتاو شەش (٧٦) – تا نەوەت(٩٠) سەر ئەوە دوو (بِنْتُ لَبُوْن)ی تێدایە ، جا ئەگەر گەیشتە نەوەت و یەك(٩١) تا سەدو بیست(١٢٠) ئەوە دوو (حِقَّە)ی کەڵگرتووی تێدایە ، جا ئەگەر لە سەد و بیست(١٢٠) تێپەڕی کرد ئەوە هەر چل(٤٠) سەر (بِنْتُ لَبُوْن)ێك دەدرێت وە لە هەموو پەنجا(٥٠) سەریشدا(حِقَّە)یەك ، وە هەر کەسێك نەیبوو تەنها چوار(٤) ووشتر نەبێت ، ئەوە زەکاتی تێدا پێویست(وَاجِب)نییە ،

مەگەر خاوەنەكەی خۆی ویستی لە سەر بێت ، جا ئەگەر گەیشتە پێنج(٥) سەر ووشتر ئەوە شەكێكی تێدایە... [رواه البخاري (٣/٣١٧/١٤٥٤) وأبو داود (٤/٤٣١/١٥٥٢) وغيرهما]. (بِنْتُ مَخَاض): ئەوەیە ساڵێكی تەواو كردوە و بەرە و دوو ساڵان دەچێت . (بِنْتُ لَبُوْن): ئەوەیە دوو ساڵی تەواو كردوە و بەرەو سێ ساڵان دەچێت ، (حِقَّة): سێ ساڵی تەواو كردوە و بەرەو چوار ساڵان دەچێت ، (جذَعَة): سێ ساڵی تەواو كردووە و بەرەو چوار ساڵان دەچێت.

*تێبینی:*

وە ئەگەر كەسێك ووشترێكی تەمەن دیاری كراوی لە سەر پێویست بوو بەڵام نەیبوو ، ئەوە دەتوانێت تەمەنێكی بچووك تر بدات ، وە لە گەڵیدا شەك بدات ، یان پارە بدات ، هەر لە بەر فەرموودەكەی (أنَس)ی پێشوو كە لە پاش ئەوە دەفەرموێ: (( ... **مَنْ بَلَغَتْ عِنْدَهُ مِنَ الإِبِلِ صَدَقَةُ الجَذَعَةِ وَلَيْسَتْ عِنْدَهُ جَذَعَةٌ وَعِنْدَهُ حِقَّةٌ فَإِنَّهَا تُقْبَلُ مِنْهُ الحِقَّةُ وَيَجْعَلُ مَعَهَا شَاتَيْنِ إِنِ اسْتَيْسَرَتَا لَهُ أَوْ عِشْرِيْنَ دِرْهَمَاً** ... )) واتە: ئەگەر كەسێك ووشتری گەیشتە ژمارەیەك زەكاتەكەی (جَذَعَه)یەك كەوت ، بەڵام ئەو (حِقَّه)ی بوو ، ئەوە دەتوانێت (حِقَّه)كە بدات و دوو شەكیش لە گەڵیدا – ئەگەر هەبوو – یان بیست درهەم و ... .

---

**وە یەكەم ڕادە(نِصَاب)ی زەكاتی ڕەشە وڵاخ سی(٣٠) سەرە ، ئەگەر كەمتر بوو زەكاتی تێدا پێویست(وَاجِب) نییە ، وە ئەندازە(مِقْدَار)ی زەكاتی ئەو سی(٣٠) سەرە گوێرەكەیەكی تەمەن یەك ساڵیە ، وە لە چل(٤٠) سەریشدا گوێرەكەیەكی تەمەن دوو ساڵی دەدرێت**[٣٧٧] ،

---

(٣٧٧) لە بەر فەرموودەكەی (مُعَاذُ بنُ جَبَل) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی: (( **بَعَثَنِي رَسُوْلُ اللهِ( ﷺ) إِلَى اليَمَنِ ، وَأَمَرَنِي أَنْ آخُذَ مِنَ البَقَرِ مِنْ كُلِّ أَرْبَعِيْنَ مُسِنَّةً ، وَمِنْ كُلِّ ثَلاثِيْنَ تَبِيْعَاً أَوْ تَبِيْعَةً** )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) ڕەوانەی كردم بۆ یەمەن ، وە فەرمانی پێ كردم كەوا لە – زەكاتی – مانگادا لە هەموو چل(٤٠) سەردا (مُسِنَّه)یەك وەرگرم ، وە لە هەموو سی(٣٠) سەردا (تَبِيْع)ێك ، یان (تَبِيْعَه)یەك وەر بگرم [رواه أبو داود (٢/٢٣٤/١٥٧٦) والترمذي (٣/٢٠/٦٢٣) وإبن ماجة (١/٥٧٦/١٨٠٣) ولغيره زيادة (( **وَمِنْ كُلِّ حَالِمٍ دِيْنَارَاً**

أَوْ عِدْلَـهُ مَعَـافِر )) واتـه: وه لـه هـهموو پـێ گهیـشتوویهك – لـه خـاوهن کتێبـهکان کـه موسوڵمان نهبوون – دینارێك سهرانه(جِزْيَة) وهربگرم ، یـان بـه ئهنـدازهی ئـهو دینـاره جـل وبهرگی (مَعَافِر) وهو حديث صحيح بڕوانه صحيح أبي داود(١٣٩٤)] .

(مَعَـافِر): (الـشَّوكَاني) دهڵـێ ، گهڕهکێکـه لـه (هَمَـدَان) ، بـهڵام (الـصَّنْعَاني) دهڵـێ: گهڕهکێکه له (يَمَن) ، [بڕوانه (نيل الأوطار وسبل السلام)].

(مُسِنَّه): گوێرهکهیهکه دوو ساڵی تهواو کردبێت وپێی نابێته سێ ساڵان .

(تَبِيْع): گوێرهکهیهکی نێره یهك ساڵی تهواو کردووه وپێی ناوهته دوو ساڵان .

(تَبِيْعَة): گوێرهکهیهکی مێینهیه یهك ساڵی تهواو کردووه وپێی ناوهته دوو ساڵان .

**وه ڕاده(نِصَاب)ی یهکهمی مهڕو بزن چل (٤٠) سهره ، ئهگـهر لـهوه کـهمتر بـوو ئهوه زهکـاتی تێـدا پێویست(وَاجِب) نییـه ، وه ئهنـدازه(مِقْدَار)ی زهکـاتی ئـهو چل(٤٠) سهره شهكێكه ، تـا دهگاتـه سهدوبیـست ویـهك(١٢١) سـهر ئـهو کاتـه دوو شهکی تێدایه ، تا دهگاته دووسهدویهك(٢٠١) ئهوه سێ شهکی تێدایـه ، پاش ئـهوه هـهر سـهد(١٠٠) سـهر و شـهکێك زکاتهکـهی زیـاتر دهکـات[٣٧٨] ، وه پێویسته له سهر کرێکاری زهکات له ئاژهڵه فره چاکهکان زهکات دهر نهکات بهڵکو لـه مامناوهنـدێکانی دهری بکـات[٣٧٩] ، وه ئهگـهر دوو کـهس یـان زیـاتر ئـاژهڵی خۆیانیان تێکهڵ کرد وبهشی هیچ کهسێکیان لهوی تریان جیا نهدهکرایهوه ، ئهوه ههر یهك زهکاتی دهدهن ، وه به یهك ماڵ دهژمێردرێت ، وه دروست نییه لـه ترسـی زهکاتدا ئاژهڵی جیا جیا کۆ بکرێتهوه ، یان ئاژهڵی کۆ جیا جیا بکرێتهوه[٣٨٠].**

(٣٧٨) له بهر فهرموودهکهی (أَنَس) کـه لـه نوسـراوهکهی (أَبُـو بَكْـر)دا هـاتووه (( .. **وَفِي صَدَقَةِ الغَنَمِ فِي سَائِمَتِهَا إِذَا كَانَتْ أَرْبَعِيْنَ إِلَى عِشْرِيْنَ وَمِائَةٍ شَاةٌ ، فَإِذَا زَادَتْ عَلَى عِشْرِيْنَ وَمِائَةٍ إِلَى مِائَتَيْنِ شَاتَانِ ، فَإِذَا زَادَتْ عَلَى مِائَتَيْنِ إِلَى ثَلَاثمِائَةٍ فَفِيْهَا ثَلَاثٌ ، فَإِذَا زَادَتْ عَلَى ثَلَاثمائة فَفِي كُلِّ مَائَةٍ شَاةٌ ، فَإِذَا كَانَتْ سَائِمَةُ الرَّجُلِ نَاقِصَةً مِنْ أَرْبَعِيْنَ شَاةً وَاحِدَةً فَلَيْسَ فِيْهَا صَدَقَةٌ إِلاَّ أَنْ يَشَاءَ رَبُّهَا...**)) واتـه: وه لـه زهکـاتی مهڕدا له(سَائِمَه)کهیدا ئهگهر چل(٤٠) سهر بوو تا سـهد وبیـست (١٢٠) سـهر شـهکێکه ، جـا ئهگهر زیادی کرد له سهدو بیست(١٢٠) تا دوو سهد(٢٠٠) سهر دوو شهکه ، جا ئهگهر زیـادی

کرد لە دوو سەد(٢٠٠) تا سێ سەد(٣٠٠) سەر سێ شەکی تێدایە ، جا ئەگەر زیادی کرد لە سێ سەد(٣٠٠) ئیتر لە هەموو سەد(١٠٠) سەردا شەکێکە ، جا ئەگەر (سَائِمَە)ی هەر پیاوێك لە چل(٤٠) سەر کەمتر بوو ئەوە زەکاتی تێدا پێویست نییە ، مەگەر خاوەنەکەی خۆی ویستی لە سەر بێت ... [رواه البخاری (٣/٣١٧/١٤٥٤) وغیره]. هەروەها بڕوانە (پ ٣٧٦) . (سَائِمَة): ئەو ووڵاخەیە کە زۆربەی ساڵ لە لەوەڕێکی بەلاشدا لەوەڕابێت .

(٣٧٩) لە بەر فەرموودەکەی (إِبْـنُ عَبَّـاس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا کاتێك پێغەمبەری خوا ( ﷺ) (مُعَاذ)ی ڕەوانە کرد بۆ (یَمَن) پێی فەرموو: (( ... **فَأَخْبِرْهُمْ أَنَّ اللهَ قَدْ فَرَضَ عَلَيْهِمْ صَدَقَةً تُؤْخَذُ مِنْ أَغْنِيَائِهِمْ فَتُرَدُّ عَلَى فُقَرَائِهِمْ ، فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوْا لَكَ بِذَلِكَ فَإِيَّاكَ وَكَرَائِمُ أَمْوَالِهِمْ** ...)) واتە: جا پێیان ڕابگەیەنە کەوا خوای گەورە لە سەریانی فەرز کردوە زەکاتێك لە دەوڵەمەندەکانیان وەردەگیرێت و دەدرێتەوە بە هەژارەکانیان ، جا ئەگەر گوێڕایەڵت بوون لەوە دا ، ئەوە وریاری ماڵە ڕێزدارەکانیان بە ... [رواه البخاری (٣/٣٥٧/١٤٩٦) ومسلم (١/٥٠/١٩) وغیرهما].

وە لە بەر فەرموودەکەی (أَنَس) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا لە نووسراوەکەی (أَبُو بَكْر)دا هاتوە کە خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردووە: (( .. **وَلاَ يُخْرَجُ فِي الصَّدَقَةِ هَرِمَةٌ وَلاَ ذَاتُ عَوَارٍ ، وَلاَ تَيْسٌ إِلاَّ مَا شَاءَ الْمُصَدِّقُ** .. )) واتە: .. کەوا لە زەکاتدا نابێت پیر و کوێر دەربکرێت ، هەروەها بەرانیش مەگەر خاوەنەکەی خۆی ویستی لە سەر بێت [رواه البخاری(٤/رقم/١٤٥٥ ) وغیره]. وە بڕوانە (پ٣٧٦).

(٣٨٠) لە بەر فەرموودەکەی (أَنَس) (خوای لێ رازی بێت) کەوا لە نووسراوەکەی (أَبُو بَكْر)دا هاتووە: (( **وَلاَ يُجْمَعُ بَيْنَ مُتَفَرِّقٍ ، وَلاَ يُفَرَّقُ بَيْنَ مُجْتَمِعٍ خَشْيَةَ الصَّدَقَةِ ، وَمَا كَانَ مِنَ الْخَلِيْطَيْنِ فَإِنَّهُمَا يَتَرَاجَعَانِ بَيْنَهُمَا بِالسَّوِيَةِ** )) واتە: وە ئاژەڵی جیا جیا کۆ ناکرێتەوە ، وە ئاژەڵی کۆیش جیا جیا ناکرێتەوە ، لە ترسی زەکات داندا ، وە ئەوانەیش ماڵەکانیان تێکەڵە ئەوە _ پێکەوە زەکات دەدەن و _ بە یەکسانی دەیگێڕنەوە – دابەشی دەکەنەوە بە سەر خۆیاندا هەر کەسێك بە پێی بەشی خۆی بەشە زەکاتی دەکەوێتە سەر – [رواه البخاري(٤/رقم/١٤٥١,١٤٥٠)].

وە ***نموونە***ی جیا کردنەوەی ماڵی کۆ لە ترسی زەکات داندا ، ئەوەیە دوو پیاو بە شەریکی دوو سەدو یەك(٢٠١) سەر مەڕیان هەبێت سێ شەك زەکاتی دەکەوێتە سەر ، جا جیای دەکەنەوە بۆ ئەوەی هەر یەکەیان یەك شەکی بکەوێتە سەریان .

وە نموونەی کۆ کردنەوەی ماڵی جیا جیا لە ترسی زەکاتدا ، ئەوەیە سێ کەس هەر یەکە چل سەر مەڕیان هەبێت ، جا ئەگەر کۆی نەکەنەوە ئەوە هەر یەکەیان یەك شەك زەکاتیان دەکەوێتە سەر ، بەڵام ئەگەر کۆی بکەنەوە بە هەر سێکیانەوە یەك شەکیان دەکەوێت ، جا ئەمە درووست نییە چونکە فێڵە و ڕاکردنە لە حەقی خوای گەورە .

## ئایا لە ماڵی بازرگانیدا زەکات پێویستە ؟
## ( هَلْ تَجِبُ الزَّكَاةُ فِي عُرُوْضِ التِّجَارَةِ ؟ )
### ماڵی بازرگانی زەکاتی تێدا پێویست نییە (٣٨١)،

(٣٨١) هیچ بەڵگەیەکمان نییە ، نە لە قورئان ونە لە فەرموودەی (صَحِیْح)دا لە سەر پێویست(وَاجِب) بوونی زەکات لە ماڵی بازرگانیدا .

وە ئەو فەرموودەیەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرە: ٢٦٧)دا کە دەفەرمێ : ﴿ وَأَنْفِقُوْا مِنْ طَيِّبَاتِ مَاكَسَبْتُمْ ﴾ واتە: وە ببەخشن لە چاکترین وپاکترینی ئەوەی دەستان دەکەوێت . کە هەندێك لە زانایان دەیکەنە بەڵگە لە سەر ئەوەی کەوا زەکات لە ماڵی بازرگانیدا هەیە ، بەڵگەیە لە سەر بەخشینی ڕەها(مُطْلَق) ، وەکو ئەو ئایەتەکانی تر کە فەرمان بە بەخشین دەکات بە گشتی ، وەك هەر لە پاش ئەوە لە هەمان ئایەتدا خوای گەورە دەفەرمێ:﴿ ... وَمِمَّا أَخْرَجْنَا لَكُمْ مِنَ الأَرْضِ...﴾ واتە: وە لەوەیش کە بۆمان دەرهێناون لە زەویەوە ببەخشن . وە لە هەمان سورەتیشدا ئایەتی(٢٥٤) دەفەرمێ: ﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِيْنَ آمَنُوا أَنْفِقُوْا مِمَّا رَزَقْنَاكُمْ ..﴾ واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە لەو ڕۆزییەی کە پێمان داون ببەخشن.. . وە زانراویشە کەوا زەکات پێویست نییە لە سەر هەموو ئەوەی کە لە زەوییەوە ، وە لە هەموو ئەو ڕۆزییانەی کە خوای گەورە دەیدات بە مرۆڤ ، مەگەر بەخشینی (مُطْلَق) ، بەوەی خۆی چەندێك لە دەستی دەردەچێت بیدات ، بۆیە ئەو ئایەتە نابێتە بەڵگە بۆ پێویست(وَاجِب) بوونی زەکاتی بازرگانی ، وە ووشەی (مَا كَسَبْتُم) بە گشتی هەموو (كَسْب)ێك دەگرێتەوە هەتا کرێکاریو... هتد ، کە بە یەکڕای(إِجْمَاع)ی زانایان زەکاتی تێدا پێویست نییە ، کەوا بوو ئەو فەرمانە بۆ بەخشینی گشتیە کە کەوتوەتە دەستی خۆی چەندێك ببەخشێ وە لەچی کاتێکیشدا ببەخشێت .

وه ئەو فەرموودانەیش كه دەیكەنه بەڵگه ، فەرموودەكەی (سَمُرَةُ بْنُ جُنْدُب) (خـوای لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی: (( أَمَّا بَعْدُ ، فَإِنَّ رَسُوْلَ اللهِ ( ﷺ) كَانَ يَأْمُرُنَا أَنْ نُخْرِجُ الـصَّدَقَةَ مِنَ الَّذِي نُعِدُّ لِلْبَيْعِ )) واتـه: پاشـان ، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فـەرمانی پـێ دەكـرین كـەوا (صَـدَقَة) دەر بكـەین لـەوەی بـۆ فرۆشـتن ئامـادەی دەكـەین [رواه ابـو داود (٢/رقم/١٥٦٢) وهذا لفظه والدار قطني(٢/١٢٧/٩) والبزار حيث عزاه إليه إبن حجر في التلخيص(٢/١٧٩) وقـال: إن في إسناده جهالة ، وضعفه الألباني في الإرواء رقم(٨٢٧)].

وه فەرموودەكەی (أَبُو ذَرّ)یش (خـوای لێ رازی بێـت) كـەوا پێغەمبـەری خـوا ( ﷺ) فەرمووی: (( فِي الإِبِلِ صَدَقَتُهَا وَفِي الغَنَمِ صَدَقَتُهَا وَفِي البَزِّ صَدَقَتُهُ )) واتـه: لـه ووشتردا زەكاتی خۆی هەیه ، وه له مەڕیشدا زەكاتی خۆی هەیه ، وه له (بَزّ)یشدا زەكـاتی خۆی هەیـه [رواه الحـاكم(١/٣٨٨) الـدراقطني في الـسنن (٢/١٠١/٢٧) والبيهقـى وقـد ضـعفه الحـافظ في الفـتح وفي التلخيص الحبير(٢/١٧٩/٨٦٠) ]. (البَزّ): جل و بەرگه.

ئـەم دوو فەرموودەیـه هـەردوكیان (ضَـعِيْف)ن و (سَنَد)ێكـی (ثَابِـت)یـان نییـه ، بـۆ یەكەمیان بڕوانه [سلسلة الأحاديث الضعيفة (رقم: ١١٧٨)] وه بۆ دوومیشیان بڕوانـه [الأرواء: ٨٢٧]... وه ئەوەی ڕاست بێت ئەوەیه كەوا ماڵی بازرگانی زەكاتی تێدا پێویست نییه ، جا بـۆ زیـاتر تێگەیشتن لەم مەسەلەیه بڕوانه [(تمام المنة في التعليق فقه السنة) للشيخ الألباني (ل ٣٦٣-٣٦٨) و(الروضة الندية) لمحمد صديق حسن خان (١/٤٧٦-٤٧٩) بتعليق محمد صبحي حلاق ]. كه زۆر بە جوانی باسـی ئـەم مەسەلەیه دەكەن ، هەروەها تەماشای [(المحلى ) لإبن حزم (٦/٢٣٣-٢٤٠)] بكه كـه تێیـدا (إِبْنُ حَزْم) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) ئەوه دەسەلمێنێت كەوا ماڵی بازرگـانی زەكـاتی تێـدا نییـه وه وەڵامی بەڵگەی هەموو ئەوانه دەداتەوه كه دەڵێن زەكاتی تێدا پێویسته بـه شـێوەیەكی زانیارانەی وورد ، هەروەها بڕوانه [(سيل الجرار) للشوكانى (٢/٢٦-٢٧)].

---

مەگەر زەكاتی (مُطْلَق) (٣٨٢) .

## زەكات دەبێت یەكێ بدرێت
## ( المُسْتَحَقُّوْن لِلزَّكَاة )

**ئەوانـەی كـه دروسـته زەكاتیـان پـێ بـدرێت هەشـت جـۆر كەسـن خـوای گەوره دیاریان دەكات (٣٨٣) : هەژار (٣٨٤)، ودەست كورت (٣٨٥)،**

(٣٨٢) کەوا هەر چەندێك نەفسی خۆی پێی خۆش بێت بیدات بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی خوای گەورە لە سورەتی (البقرة: ٢٦٧)دا دەفەرمێ: ﴿ وَأَنْفِقُوْا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا كَسَبْتُمْ ﴾ واتە: ببەخشن لە پاکترینی ئەوەی دەستان دەکەوێت لە کاسبی کردنتاندا . وە لە بەر ئەو (أَثَر)انەی کە لەو بارەیەوە هاتوون ، بڕوانە ئەو سەرچاوانەی پێشوو لە (پ٣٨١) ئاماژەمان بۆی کرد .

(٣٨٣) لە سورەتی (التوبه: ٦٠)دا کە دەفەرمێ: ﴿ إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِيْنِ وَالعَامِلِيْنَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوْبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالغَارِمِيْنَ وَفِي سَبِيْلِ اللهِ وَابْنِ السَّبِيْلِ فَرِيْضَةً مِنَ اللهِ وَاللهُ عَلِيْمٌ حَكِيْمٌ ﴾ واتە: زەکات تەنها بۆ ئەمانەیە : هەژاران و کەم دەستان و کرێکارانێك کە _ بۆ کۆکردنەوەی _ کاری لە سەر دەکەن ، و دڵڕاگیراوان ، و بۆ ئازاد کردنی بەندە ، و دانەوەی قەرزی قەرزاران ، و بۆ ڕێگای خوای گەورە ، و بۆ ڕێبواران ، ئەمە ئەرکێکی خوایە ، وە خوای گەورە زانا ودانایە .

(٣٨٤) ئەو کەسەیە کە هیچی نییە وناتوانێت کار بکات ، (إِبْنُ عُمَر) (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) فەرمووی: (( **لاَ تَحِلُّ الصَّدَقَةُ لِغَنِي ، وَلاَ لِذِي مِرَّةٍ سَوِيٍ** )) واتە: زەکات بۆ کەسێك حەڵاڵ نییە دەوڵەمەند بێت ، وە بۆ کەسێکیش بە هێز بێت وتوانای کار کردنی هەبێت [رواه أبوداود (٢/رقم/١٦٣٤) والترمذي (٢/٨١/٦٤٧) وغيرهما وهو حديث صحيح ، بڕوانە الإرواء(٨٧٧) وصحيح الجامع (٧٢٥١)].

(٣٨٥) ئەو کەسەیە کە هەیەتی بەڵام بەشی ناکات ، (أَبُو هُرَيْرَة) (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) فەرمووی: (( **لَيْسَ المِسْكِيْنُ بِهَذَا الطَّوَّافُ الَّذِي يَطُوْفُ عَلَى النَّاسِ ، فَتَرِدُهُ اللُّقْمَةُ وَاللُّقْمَتَانِ ، وَالتَّمْرَةُ وَالتَّمْرَتَانِ . قَالُوا: فَمَا المِسْكِيْنُ يَا رَسُوْلُ اللهِ ؟ قَالَ: الَّذِي لاَ يَجِدُ غِنَىً يُغْنِيْهِ ، وَلاَ يُفْطَنُ لَهُ فَيَتَصَدَّقُ عَلَيْهِ ، وَلاَ يَسْأَلُ النَّاسُ شَيْئَاً** )) واتە: کەم دەست ئەو کەسە نییە کەوا بە سەر خەڵکیدا دەسووڕێتەوە ، لەم لاوە تیکەو دوو تیکەی بۆ دێت وە لەو لایشەوە خورما و دوو خورمای بۆ دێت . ووتیان: ئەی (مِسْكِيْن) کێیە ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی: ئەو کەسەیە کەوا ئەوەندەی نەبێت بەشی بکات ، وە پێیشی نازانرێت تا زەکاتی پێ بدرێت ، وە داوای هیچیش لە خەڵکی ناکات [رواه مسلم (٢/٧١٩/١٠٣٩) وهذا لفظه والبخاري (٣/٣٤١/١٤٧٩) وغيره].

**وکرێکارانی زەکات**(٣٨٦) ، **ودڵ ڕاگیراوان**(٣٨٧) ،

(٣٨٦) ئەوانەی دیاری كراون بۆ كۆ كردنەوەی زەكات ، هەر لەو زەكاتە موچەیان بۆ دیاری دەكرێت ، وە دروستیش نییە ئەو كرێكارانە لە خزم و كەس وكاری پێغەمبەری خوا بن ( ﷺ) ئەوانەی كە زەكاتیان لە سەر حەرامە ، لە بەر فەرموودەكەی (عَبْدُ المُطَّلِب بن رَبِيْعَة بن الحَارِث) كەوا خۆی و(فَضَل بن العَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) ڕۆیشتن بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوایان لێ كرد بیانكاتە كرێكار لە سەر زەكات ، ئەویش فەرمووی: (( **إِنَّ الصَّدَقَةَ لاَ تَحِلُّ لِمُحَمَّدٍ وَلاَ لآلِ مُحَمَّد ، إِنَّمَا هِيَ أَوْسَاخُ النَّاس** )) واتە: بە ڕاستی زەكات حەڵاڵ نییە بۆ موحەممەد و كەسوكاری موحەممەد ، چونكە ئەوە چڵكی خەڵكیە [رواه مسلم (١٠٧٢/٧٥٢/٢) وأبو داود (٢٩٦٩/٢٠٥/٨) مع العون].

وە ئیمامی (نَوَوِي) لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا دەفەرمێ: واتای (چڵكی خەڵكی) ئەوەیە كەوا پاك كردنەوەی ماڵ و نەفسی خەڵكیە ، وەك خوای گەورە دەفەرمێ: ﴿ **خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا** ﴾ واتە: ئەی پێغەمبەری خوا زەكاتیان لێ وەربگرە ، بۆ ئەوەی لاشەو دەروونیانی پێ پاك بكاتەوە . جا ئەوە وەكو شۆردنی چڵك وپیسی وایە [شرح النووى (٢٥١/٧)].

(٣٨٧) هەندێكیان پێیان دەدرێت بۆ ئەوەی موسوڵمان بن ، وەك پێغەمبەری خوا ( ﷺ) بە(صَفْوَانُ بنُ أُمَيَّە)ی دەدا لە دەستكەوتەكانی(حُنَيْن) كە لەو كاتەدا هێشتا هەر (مُشْرِك) بوو ، وەك خۆی دەڵێ: (( ... **فَلَمْ يَزَلْ يُعْطِيْنِي حَتَّى صَارَ أَحَبُّ النَّاسِ إِلَيَّ ، بَعْدَ أَنْ كَانَ أَبْغَضُ النَّاسِ إِلَيَّ** )) واتە: جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەردەوام – پارەی – پێ دەدام تا بووە خۆشەویسترین كەس لە لام ، كە لە پێشدا لە هەموو كەس زیاتر قینم لێی بوو [رواه مسلم (١٠٧٢/٧٥٢/٢) و أبو داود (٢٩٦٩/٢٠٨/٨) وغيرهما].

وە هەندێكی تریان پێیان دەدرێت بۆ ئەوەی لە سەر موسوڵمان بوونەكەی جێگیر ببێت ، وەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕۆژی (حُنَيْن)دا بە كۆمەڵێك لە سەرۆك هۆزەكانی عەرەبی دا ، وە دەیفەرموو: (( **إِنِّي لَأُعْطِي الرَّجُلَ وَغَيْرُهُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْهُ ، خَشْيَةَ أَنْ يَكُبَّهُ اللهُ عَلَى وَجْهِهِ فِي نَارِ جَهَنَّمْ** )) واتە: من بە پیاوی وا پارەوماڵ دەدەم ، كەسانی تر لەو خۆشەویسترن لە لام ، لە ترسی ئەوەدا خوای گەورە لە سەر سەر نەیخاتە ناو ئاگری دۆزەخەوە [رواه البخاری (٢٧/٧٩/١) ومسلم (١٥٠/١٣٢/١) وغيرهما].

وە هەندێكی تریشیان پێیان دەدرێت بۆ ئەوەی كەسانی تریش وەكو ئەوان موسوڵمان ببن ، وە هەیشیانە بۆ ئەوە پێیان دەدرێت تا وەكو بەرگری لە سنووری وڵاتی

ئیسلام بکەن ، بەلاّم لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ڕێگامان ، ئایە پاش وەفات کردنی پێغەمبەری خوا ( ﷺ) هەر زەکاتیان پیّ دەدرێت یان نەء ؟

لەمەدا زانایان جیاوازن (عُمَر وعَامِر وشَعْبِي) و کۆمەڵێکی تریش لە زانایان دەفەرموون: پێیان نادرێت ، چونکە خوای گەورە ئیسلام و موسولّمانانی دەسەلاّتدار کردوە و خەڵکی بۆ زەلیل کردون ... ، بەلاّم کۆمەڵێکی تر لە زانایان دەفەرموون: پێیان دەدرێت ، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پاش رزگارکردنی مەککەو شکاندنی (هَوَازِن)یش هەر پێیانی دەدا ، ئەمەیش جاری وا هەیە زەرورە ، بۆیە هەر پێیان دەدرێت .

## وکۆیلە[٣٨٨] ، وقەرزار[٣٨٩] ،

(٣٨٨) کۆمەڵێك لە زانایان دەفەرموون : دەدرێت بەو کۆیلانەی کە خاوەنەکانیان نووسراویان بۆیان نووسیوە ، کەوا ئەگەر ئەوەندە پارەیان بۆ بێنن ڕزگاریان دەکەن ، جا لە ماڵی زەکات ئەوەندەیان پیّ دەدرێت ، ئەمە ڕای (حَسَن البَصْرِي ومُقَاتل و عُمَرُ بنُ عَبْدالعزِيْز وسَعِيْدُ بنُ جُبَيْر) و کەسانی تریشە ، وە ڕای (شَافعِي و لَيْث)یشە ، بەلاّم (إِبْنُ عَبَّاس والحَسَن) دەفەرموون: دەتوانرێت بەندەی پیّ بکڕڕێت وئازاد بکرێت ، ئەمەیش ڕای (أَحْمَد و مَالك و إِسْحَاق)یشە .

(٣٨٩) چەند جۆرێکی هەیە ، هەیانە بۆ ئەوەی (مُشْكِلَه)یەك لە نێوان موسولّماناندا گەورە نەبێتەوە لە بەر پارەو ماڵێك ، ئەم ئەو پارەیە دەخاتە سەری ئەستۆی خۆی و بۆیە لە سەری قەرزار دەبێت ، جا لە ماڵی زەکاتی پیّ دەدرێت تا وەکو قەرزارێکانی دەداتەوە . وە هەیشیانە قەرزێکی کەوتوتە سەر و توانای دانەوەی نییە ، ئەگەر چی هەتا ئەو قەرزەیشی بە هۆی تاوانێکەوە تووش بوبێت ، بەلاّم بە مەرجێك لێی پەشیمان بووبێتەوە ، ئەوە لە ماڵی زەکاتی پیّ دەدرێت تا قەرزکەی دەداتەوە وهیچی لە سەر نامێنێت ، لە بەر فەرموودەکەی (قَبِيْصَةُ بنُ مُخَارِق الهِلالي) (خوای لیّ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: قەرزارییەك بە سەرمدا کەوت بە هۆی چاك کردنی نێوان دوو کۆمەڵ لە موسولّمانان ، جا هاتم بۆ لای پێغەمبەری خوا ( ﷺ) داوام لیّ کرد یارمەتیم بدات ، ئەویش فەرمووی: (( **أَقِمْ حَتَّى تَأْتِيَنَا الصَّدَقَةُ فَنَأْمُرَ لَكَ بِهَا** )) واتە: بمێنەوە تا زەکاتمان بۆ دێت ، جا فەرمانت بۆ دەکەین . جا (قَبِيْصَة) فەرمووی : پاشان پێغەمبەری خوا ( ﷺ) فەرمووی: (( **يَا قَبِيْصَةُ ، إِنَّ المَسْأَلَةَ لاَ تَحِلُّ إِلاَّ لأَحَد ثَلاَثَةٍ : رَجُلٌ تَحَمَّلَ حَمَالَةً فَحَلَّتْ لَهُ المَسْأَلَةُ حَتَّى يُصِيْبَهَا ثُمَّ يُمْسِكُ ، وَرَجُلٌ أَصَابَتْهُ جَائِحَةٌ اجْتَاحَتْ مَالَهُ فَحَلَّتْ لَهُ المَسْأَلَةُ حَتَّى يُصِيْبَ**

**قَوَاماً مِنْ عَيْشٍ – أَوْ قَالَ: سِدَاداً مِنْ عَيْشٍ – ، وَرَجُلٌ أَصَابَتْهُ فَاقَةٌ حَتَّى يَقُومَ ثَلَاثَةٌ مِنْ ذَوِيْ الحِجَا مِنْ قَوْمِهِ ، لَقَدْ أَصَابَتْ فُلَانًا فَاقَةٌ ، فَحَلَّتْ لَهُ المَسْأَلَةُ حَتَّى يُصِيْبَ قَوَاماً مِنْ عَيْشٍ – أَوْ قَالَ: سِدَاداً مِنْ عَيْشٍ – ، فَمَا سِوَاهُنَّ مِنَ المَسْأَلَةِ يَا قَبِيْصَةُ سُحْتَاً يَأْكُلُهَا صَاحِبُهَا سُحْتَاً** )) واتە: ئەی (قَبِيْصَة) داوا(سوالّ) كردن حەلاڵ نییە تەنها بۆ سێ كەس نەبێت: بۆ پیاوێك نێوان موسوڵمانانی چاك كردبێتەوە ، جا قەرزار بار بووبێت ، ئەوە حەلاڵە بۆی تا ئەوەی دەست دەكەوێتەوە ، پاشان دەست دەگرێتەوە لە داوا كردن ، وە پیاوێك تووشی بەلایەك بووبێت ، ماڵەكەی تیا چووبێت ، جا بۆی حەلاڵە داوای بۆ بكات ، تا خۆی دەگرێتەوە و ژیانی پێ هەڵدەسێتەوە ، وە پیاوێك تووشی هەژاری و پێویستیەكی وا هاتبێت ، كە سێ كەسی ژیر لە هۆزەكەی بڵێن : بە ڕاستی فلان تووشی هەژاریەكی زۆر هاتووە ، ئەوە حەلاڵە بۆی داوا بكات ، تا خۆی دەگرێتەوە و ژیانی پێ هەڵدەسێتەوە ، جا جگە لەمانە داوا(سوالّ) كردن ئەی (قَبِيْصَة) حەرامەو خاوەنەكەی بە حەرام دەخوات [رواه مسلم (٢/٧٢٢/١٠٤٤) وأبو داود (٢/رقم/١٦٤٠) وغيرهما].

**ولە ڕێگای خوادا[٣٩٠] ، و ڕێبوار[٣٩١] ، وە مەرجیش نییە بە هەموو جۆرەكان بدرێت ، با هەموویشیان لەو كاتەدا هەبن[٣٩٢].**

(٣٩٠) ئەمە جەنگاوەرانی ڕێگای خوا دەگرێتەوە ، ئەوانەی كە مووچەی تایبەتیان نییە لە لایەن دەوڵەتەوە ، وە لە لای (أَحْمَد وَالحَسَن وَإِسْحَاق) حەججیش هەر ڕێگای خوایە ، لە بەر فەرموودەكەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) ویستی حەجج بكات ، جا ئافرەتێك بە پیاوەكەی خۆی ووت: حەججم پێ بكە لە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) . ئەویش ووتی : هیچم نییە حەججت پێ بكەم لە سەری ، خێزانەكەشی پێی ووت: لە سەر فلانە ووشترت حەججم پێ بكە ، ووتی: ئەوە گیردراوە لە ڕێی خوا دا ، جا هاتە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ووتی: خێزانەكەم (سَلاَم)ت لێ دەكات ، وە داوای لێ كردووم لە گەڵ تۆدا حەججی پێ بكەم ، ووتی: حەججم پێ بكە لە گەڵ پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) ، جا منیش ووتم: هیچم نییە حەججت پێ بكەم لە سەری ، ئەویش ووتی: لە سەر فلان ووشترت حەججم پێ بكە ، منیش ووتم : ئەوە گیر دراوە لە ڕێی خوا دا . جا پێغەمبەری خوایش (ﷺ) پێی فەرموو: (( **أَمَا إِنَّكَ لَوْ أَحْجَجْتَهَا عَلَيْهِ كَانَ فِي سَبِيْلِ الله** )) واتە: ئەگەر تۆ حەججی پێ بكەی لە سەری ، ئەوەیش لە ڕێی خوای گەورەیە [رواه ابو داود (٢/رقم/١٩٩٠) وغيره وهو حديث حسن صحيح ، بروانە صحيح أبي داود (١٧٥٣)].

(٣٩١) ئەو (مُسَافِر)ەیە كە لە وڵاتێكی نامۆ(غَرِیْب)ی دایە ، وە هیچیشی پێ نییە یارمەتی بدات لە سەر گەڕانەوەی بۆ وڵاتەكەی خۆی ، جا لەماڵی زەكات ئەوەندەی پێ دەدرێت كەوا بەشی بكات تا دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی ، با لە شوێنی خۆیشیدا دەوڵەمەندبێت .

(٣٩٢) لە ڕاستیدا خوای گەورە كاتێك ئەو هەشت جۆرە پێكەوە باس دەكات لە ئایەتەكەدا ئەوە بۆ ئەوە نییە كە پێویستە بە سەر هەموویاندا دابەش بكرێت ، بەڵكو بۆ دیاری كردنی ئەو جۆرە كەسانەیە كە شایەنی ئەوەن زەكاتیان پێ بدرێت ، بۆیە ئەگەر كەسێك زەكاتی كەوتە سەر و بینی هەموو جۆرەكان هەن ، بەڵام جۆرێكیان زیاتر پێویستی پێیەتی دەتوانێت بیدات بەوەیان كە زۆرتر پێویستی پێیەتی ، چونكە هیچ بەڵگەیەك نەهاتووە لە سەر ئەوەی كەوا دەبێت بە سەر هەر هەموو جۆرەكاندا دابەش بكرێت ، بۆ زیاتر تێ گەیشتن لەم مەسەلەیە بڕوانە [(الروضة الندية شرح الدرر البهية/ لصديق حسن خان)] كە بە جوانی ئەمە ڕوون دەكاتەوە .

## زەكاتی سەر فترە
## ( زَكَاةُ الفِطْر )

**زەكاتی دانی سەر فترە پێویست(وَاجِب)ە ، لە سەر هەموو موسوڵمانێكی دەستڕۆ[٣٩٣] ، كەوا لە جیاتی خۆی و ئەو كەسانەی بە خێویان دەكات لە موسوڵمانان بیدات[٣٩٤] ، بۆ هەر كەسێك نیو(صَاع) گەنم یان(صَاع)ێك جۆ یان خورما یان مێوژ یان هەر شتێك جێی ئەو خواردنانە بگرێتەوە[٣٩٥] ،**

(٣٩٣) لە بەر فەرموودەكەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) كەوا فەرمووی: (( **فَرَضَ رَسُوْلُ الله ( ﷺ) زَكَاةَ الفِطْرِ طُهْرَةً لِلصَّائِمِ مِنَ اللَّغْوِ وَالرَّفْثِ ، وَطُعْمَةً لِلْمَسَاكِيْنِ فَمَنْ أَدَّاهَا قَبْلَ الصَّلاَةِ فَهِيَ زَكَاةٌ مَقْبُوْلَةٌ ، وَمَنْ أَدَّاهَا بَعْدَ الصَّلاَةِ فَهِيَ صَدَقَةٌ مِنَ الصَّدَقَاتِ** )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) زەكاتی سەر فترەی فەرز كرد پاككردنەوەیەك بێت بۆ ڕۆژووان لە قسەی هیچو پووچ وخراپو خواردنێكیش بێت بۆ كەم دەستان ، جا هەر كەسێك پێشی نوێژی جەژنی ڕەمەزان بیدات ئەوە زەكاتێكی وەرگیراوە ، وە هەر كەسێكیش پاش نوێژی بیدات ئەوە بەخشینێكە لە بەخشینەكان – واتە بە زەكات ناژمێرێت – [رواه أبو داود(٢/رقم/١٦٠٩) وإبن ماجة(١/٥٨٥/١٨٢٧) وغيرهما وهو حديث حسن ، بڕوانە الإرواء(٨٤٣) وصحيح أبي داود(١٤٢٧) وصحيح إبن ماجة (١٤٨٠)].

لـەم فـەرموودەوە بۆمـان دەردەكـەوێت كـەوا سـەرفترە خواردنێكـە بـۆ دەسـت كورتان(المَسَاكِيْن) ، كە هەندێك خواردنیان هەیە بەڵام بەشیان ناكات ، كەوا بوو ئـیتر چـۆن لە سەر كەسێك فەرزە كە شتێك لە خواردنی شەو و ڕۆژێك زیاتری هەبێت ، كە گۆمانی تێدا نییە ئەوە هەژار(فَقِيْر)ە ، كە حاڵی لە كەم دەست خراپترە ، بۆیە ئـەوەی ڕاسـت بێـت لـەم مەسەلەیەدا ئەوەیە كە زەكاتی سەر فترە لە سەر ئەوانە پێویست(وَاجِب)ە كـە دەسـتیان دەڕوات ، بۆ ئەوەی بیدەن بەوانەی دەسـتیان نـاڕوات ، تـا وەكـو بتـوانن لـە ڕۆژی جەژنـدا هەموو پێكەوە ژیانێكی خۆش بە سەر بەرن ، نەك هەژاران خواردنەكانیان بە یەكتری بـدەن یان (حَلَّ شرعي) بكەن كە لە ڕاستیدا ئەوە فێڵـە نـا شـەرعیە ، وە ئـایینی پیـرۆزی ئیـسلام لێی بەرییە ! !

(٣٩٤) لە بەر فەرموودەكـەی (إِبْـنُ عُمَـر) (خوایـان لێ ڕازی بێـت) كـەوا فـەرمووی: (( **فَرَضَ رَسُـوْلُ الله ( ﷺ) زَكَاةَ الفطْرِ صَاعًا مِنْ تَمْرٍ أَوْ صَاعًا مِنْ شَعِيْرٍ عَلَى العَبْدِ وَالحُرِّ ، وَالذَّكَرِ وَالأُنْثَى ، وَالصَّغِيْرِ وَالكَبِيْرِ مِنْ المُسْلِمِيْنَ ، وَأَمَرَ بِهَا أَنْ تُؤَدَّى قَبْلَ خُرُوْجِ النَّاسِ إِلَى الصَّلاَةِ** )) واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) زەكاتی سەرفترەی فـەرز كـرد (صَاع)ێك لە خورما یان (صَاع)ێك لە جۆ لە سەر هەموو بەندە و ئازادێك وە نێر و مێیەك وە منداڵو گەورەیەك لە موسوڵمانان ، وە فەرمانی پێ كرد كەوا لە پـێش دەرچـوون بـۆ نوێـژی جەژنی ڕەمەزان _ بدرێت [رواه البخاري (١٥٠٣/٣٦٧/٣) ومسلم (٩٨٦/٦٧٩/٢) وغيرهما].

وە لە فەرموودەیەكی تردا (إِبْنُ عُمَر) (خوایان لێ ڕازی بێت) فەرمووی: (( **أَمَرَ رَسُوْلُ الله ( ﷺ) بِصَدَقَةِ الفِطْرِ عَنِ الصَّغِيْرِ وَالكَبِيْرِ وَالحُرِّ وَالعَبْدِ مِمَّنْ تَمونُوْن** )) واتـە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فـەرمانی بـە زەكـاتی سـەر فـترە كـرد بـۆ هـەموو منـاڵو گەورەیـەك وئازادو بەندەیەك لەوانـەی بـە خێویـان دەكـەن [رواه الدارقطني (١٢/١٤١/٢) والبيهقي (١٦١/٤) وهـو حديث صحيح بروانه الإرواء رقم(٨٣٥)].

(٣٩٥) لە بەر فەرموودەكەی (ثَعْلَبَةُ بنُ صعير) (خوای لێ ڕازی بێت) كەوا پێغەمبـەری خوا ( ﷺ) فـەرمووی: (( **أَدُّوْا صَاعًا مِنْ بُرٍّ أَوْ قَمْحٍ بَيْنَ إِثْنَيْنِ أَوْ صَاعًا مِنْ تَمْرٍ أَوْ صَاعًا مِنْ شَعِيْرٍ عَنْ كُلِّ حُرٍّ وَعَبْدٍ وَصَغِيْرٍ وَكَبِيْرٍ** )) واتە: (صَاع)ێك گەنم بۆ دوو كـەس بدەن ، یان (صَاع)ێك لە خورما یان (صَاع)ێك لە جۆ بۆ هـەموو ئـازادو بەندەیـەكو بچووكو گەورەیەك [ أخرجه أحمد (٤٣٢/٥) ورجاله كلهم ثقات وله شاهد آخر عند الدار قطني (١٥١/٢) عن جابر بسند صحيح ، بروانه صفة صوم النبي (ﷺ) في رمضان لسليم الهلالي وعلي حسن (ل١٠٥)].

وە فەرموودەكـەی (عُـرْوَةُ بـنُ الزُّبَيْـر) (خوایـان لێ ڕازی بێـت) كـەوا فـەرمووی: (( **أَنَّ أَسْمَاءَ بِنْتَ أَبِي بَكْرٍ كَانَتْ تُخْرِجُ عَلَى عَهْدِ رَسُوْلِ الله ( ﷺ) عَنْ أَهْلِهَا – الحُرِّ مِنْهُمْ**

**وَالمَمْلُوْك – مُدَّيْنِ مِنَ الحُنْطَةِ أَوْ صَاعَاً مِنْ تَمْرٍ ، بِالمُدِّ أَوْ بِالصَّاعِ الَّذِي يَقْتَاتُوْنَ بِهِ** )) واته: (أَسْمَاءُ بِنْتُ أَبِي بَكْر) (خوایان لێ ڕازی بێت) لە کاتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) زەکاتی سەرفترەی دەر دەکرد لە جیاتی کەس و کاری – ئازادو بەندەیان – دوو گوێڵ( نیو صاع) لە گەنم یان (صَاع)ێك لە خورما بە گوێڵ یان بەو (صَاع)ی کە پێوانەیان پێ دەکرد [أخرجه الطحاوى (٤٣/٢) وهذا لفظه وإبن شيبة وأحمد وسنده صحيح على شرط الشيخين بروانه تمام المنة للألباني (ل: ٣٨٧)].

وە بۆ چوونی (إِبْنُ تَيْمِيَة) لە [الأختيارات (ل: ٦٠)] یش هەر ئەوەیە کە بە گەنم نیو (صَاع)ە ، وە ڕای (إِبْنُ القَيِّم)ی قوتابیشێتی وە حەنەفێکان و (سُفْيَان) و (إِبْنُ مُبَارك) وخەڵکی (كُوْفَة)یش ئەو ڕایەیان هەیە کە لە گەنمدا نیو(صَاع)ە ، وە لەوانی تردا (صَاع)ێکە.

وە فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْد) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا فەرمووی: (( **كُنَّا نُخْرِجُ زَكَاةَ الفِطْرِ صَاعَاً مِنْ طَعَامٍ أَوْ صَاعَاً مِنْ شَعِيْرٍ أَوْ صَاعَاً مِنْ تَمْرٍ أَوْ صَاعَاً مِنْ أَقِطٍ أَوْ صَاعَاً مِنْ زَبِيْبٍ** )) واتە: ئێمە زەکاتی سەر فترەمان دەردەکرد – لە سەردەمی پێغەمبەری خوا( ﷺ) – (صَاع)ێك لە خواردن ، یان (صَاع)ێك لە جۆ ، یان (صَاع)ێك لە خورما ، یان (صَاع)ێك لە کەشك ، یان (صَاع)ێك لە مێوژ [رواه البخارى (١٥٠٦/٣٧١/٣) ومسلم (٩٨٥/٦٧٨/٢) وغيره]. جا کە دەڵێ لە(طعام) (صَاع)ێکمان دەردەکرد ، (خَطَابِي) دەفەرمێ: مەبەست لە (طَعَام) لێرەدا گەنمە ، بەڵام (إِبْنُ المُنْذِر) وەڵامی دەداتەوە بەوەی (أَبُو سَعِيْد) (خوای لێ ڕازی بێت) لە پێشدا بە گشتی باسی (طَعَام) دەکا ، پاشان (تَفْسِيْر)ی (طَعَام)ەکە دەکات ، پاشان (إِبْنُ المُنْذِر) فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْد) دەهێنێتەوە کە لە لای (البُخَارِي) بەم (لَفْظ)ە هاتوە: ((**كُنَّا نُخْرِجُ فِي عَهْدِ رَسُوْلِ اللهِ** (ﷺ) **يَوْمَ الفِطْرِ صَاعَاً مِنْ طَعَامٍ – قَالَ أَبُو سَعِيْد – وَكَانَ طَعَامُنَا الشَّعِيْرُ وَالزَّبِيْبُ وَالأَقِطُ وَالتَّمْرُ** )) واتە: لە سەردەمی پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) ئێمە زەکاتی سەر فترەمان دەردەکرد (صَاع)ێك خواردن _ أَبُو سَعِيْد فەرمووی: _ وە خواردنی ئێمە لەو کاتەدا جۆ و مێوژ و کەشك و خورما بوو . پاشان (الحَافِظُ إِبْنُ حَجَر) بۆ فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْد) چەند ڕێگا و(لَفْظ)ێکی تر دەهێنێتەوە پاشان دەفەرمێ: ئەم ڕێگایانە هەموو بەڵگەن کە مەبەست بە (طَعَام) لە فەرموودەکەی (أَبُو سَعِيْد)دا گەنم نییە ، جا لەوانەیە مەبەست گەنمە شامی(زوڕات) بێت ، چونکە ئەوە زیاتر ناسراوە لای خەڵکی حیجازی ئێستا ، وە زیاتر ئەوە(قُوْت)یانە [بروانه تمام المنة (ل ٣٨٦)].

وە بۆ زانینی ئەندازەی (صَاع) ، بڕوانە (پ ٣٦١) .

**پـێش نوێـژی جـەژنی ڕەمـەزان[٣٩٦] ، بیـدات بـە هـەژار و دەسـت كـورتی موسڵمانان[٣٩٧] ، وە دروستە یەك دوو ڕۆژێك پێشی ڕۆژی جەژنیش بدرێت[٣٩٨] ، بەڵام دروست نییە دوا بخرێت بۆ دوای نوێژی جەژن[٣٩٩] .**

(٣٩٦) لە بەر فەرموودەكەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ ٣٩٣) و( پ ٣٩٤).

(٣٩٧) لە بەر فەرموودەكەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) بڕوانە (پ ٣٩٣).

(٣٩٨) لـە بـەر فەرموودەكـەی (نَـافِع) (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت) كـەوا (إِبْـنُ عُمَـر) (خوایان لێ ڕازی بێت) دەیدا بەوانەی وەریان دەگرت ، وە پـێش ڕۆژی جـەژنی ڕەمـەزان بـە ڕۆژێ یان دوو ڕۆژ دەیان دا [رواه البخاری (١٥١١/٣٧٥/٣)].

(٣٩٩) لە بەر فەرموودەكەی (إِبْنُ عَبَّاس) (خوایان لێ ڕازی بێت) بڕوانە (٣٩٣).

# بەشی پێنج یەك
# (بَابُ الخُمْس)

**پێـــنج یـــەك(---) پێویـــست(وَاجِـــب) دەبێـــت لـــە دەســـت كـــەوتی جەنگ(الغَنِيْمَە)دا[٤٠٠] ، وە لە گەنجینەی شاراوە(الرِّكَاز)دا [٤٠١].**

(٤٠٠) لە بـەر فـەرموودەی خـوای گـەورە لـە سـورەتی (الأنفال: ٤١)دا كـە دەفـەرمێ: ﴿ وَاعْلَمُوْا أَنَّمَا غَنِمْتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَإِنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُوْلِ وَلِـذِي القُرْبَـى وَاليَتَـامَى وَالمَسَاكِيْن ...﴾ واتە: ئەی موسوڵمانان بزانن كەوا ئەوەی دەستتان دەكـەوێت – لـە جـەنگ دا – ئەوە پێنج یەكی(---) بۆ خوایە و بۆ پێغەمبەری خوایـە و بـۆ خزمـان وهـەتیوان وكـەم دەستانە...

(٤٠١) (رِكَاز): ئەو پارە و ماڵە شاراوەی كاتی نەفامیە كە ئێستا خاوەنی نییە ، ئەگەر بدۆزرێتەوە پێنج یەكی(---) تێدا پێویست(وَاجِب) دەبێت بـە بـێ دانـانی ڕادە(نِـصَاب)ی زەكات یان تێپەڕ بوونی ساڵ(حَوْل) بە سەریدا ، بەڵكو هەر بە دۆزینەوەی پێنج یەك(  )ەكە

پێویست دەبێت لە سەری ، لە بەر فەرموودەکەی (أَبُو هُرَيْرَةَ) (خوای لێ ڕازی بێت) کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (( ... **وَفِي الرِّكَازِ الخُمْسُ** )) واتە: ... وە لە دۆزینەوەی ماڵی شاراوەدا پێنج یەك(----) هەیە [رواه البخارى (١٤٩٩/٣٦٤/٣) ومسلم (١٧١٠/١٣٣٤/٣) وإبن ماجة (٢٥٠٩/٨٣٩/٢) والنسائي وغيرهم].

***تێبینی:***

وە چۆنێتی دابەش کردنیشی دەکەوێتە دەست پێشەوا(اِمَام) کەوا بە پێی بەرژەوەندی(مَصْلَحَة)ی موسوڵمانان دابەشی دەکات .

**( الحَمْدُ للّهِ ) ئەوە بەشی زەکاتیش کۆتایی پێ هات وئێستا دەست بە بەشی ڕۆژوو دەکەین .**

